# زانكۆ و ئەمیبا؟ ... هێمن عومەر



هەمووومان ڕاستی ئەوە دەزانین كە زانكۆ چ دەورێكی هەیە لە پڕۆسەی بە كۆمەڵایەتی بوون و گەشەسەندنی شارستانی، نەبوونی زانكۆ لە هەركۆمەڵگایەكدا بەواتای نەبوونی ژیانی مەدەنی دێت لەو كۆمەڵگایەدا.
لەگەڵ ئەوەی كە زانكۆكانی ئێمە دەوری نەبوونیان بینیوە لەو كۆمەڵگایەدا بەڵام هەرچۆنێك بێت باشتربوە لەوەی كە زانكۆمان نەبوایە خۆ ئێستا هەرچۆنێك بێت دەڵین زانكۆمان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت لەنێو ئەو نەبونیەدا هەوڵی ڕیفۆرم و گۆڕانكاری بدرێت و وای لێبكرێت بڵین زانكۆمان هەیە، ئەوەش بێگومان پێویستی بە عەقڵیەتی زانستیو ئەكادیمی هەیە تاوەك و لێوەی ئەو ئاسۆیە ببینرێت.
ئەوەی كە بەشێوەیەكی گشتیش ڕایكێشامە نێو نوسینی ئەو بابەتە زیاتر هۆكارەكەی نەبوونی ئەو عەقڵیەتە بوو كە بتوانێت دەوری ئەو گۆرانكاریە ببینێت و زانكۆكانمان لە ماڵێك بۆ كۆكردنەوەی گەنج و ئیفلیج بوونی تیدا ڕزگار بكات بۆ زانكۆیەك كە كەسایەتی عەلمانی و كەسایەتی ئەكادیمی و داهێنەر دروست بكات تاوەك و ئەو كۆمەڵگایە لە قەیرانی نا زانستیو خوو گرتوو بە داب و نە ریتێكی نامەدەنی دەربهێنێت و لە شوێنی ئەواندا كولتورێكی زانستی بڕوێنێت كەتیدا مافی هەموو لایەك بێ جیاوازی ڕەگەزیوو تەمەنیی بڕوێنێت.
بەڵام ئەوە بۆ ماوەی زیاتر لە چواردە ساڵ دەچێت زانكۆكانمان نەك گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە بەڵكو هێندەی زانكۆ خوی گرتوە بە ئەو داب و نەریتەی كە كۆمەڵگاكەمانی دواكەوتوو هێشتوەتەوە باوەڕناكەم هێندە كۆمەڵگا خودی خۆی پارێزەری ئەو كولتورە چەق بەستوو سترێكتە بێت، زیاتر نەبوونی ئەو گۆران كاری و دواكەوتوویەیەی كە زانكۆكانمانیان قفڵ كردوە هێندەی مامۆستایانی زانكۆو كەسانی ڕۆشنبیری نێو زانكۆكان لی بەر پرسن نیوو هێندە دەسەڵات ناچێتە خانەی خەتاباریەوە ئەگەر چی مانەوەی زانكۆكانمان بەم شێوەیە دەبوایە دەسەڵات بەهۆی ئەوەوە بزانی كە هیچی نەكردووەو هێندە منەت بە پڕۆژەكانیەوە نەكات، بەڵام ئەوەی دەوری سەرەكی نەبوونی گۆران ببینێت ئەوە مامۆستاو كەسانی خۆ بەڕۆشنبیر زانە كە ئەگەر بێت و لێرەدا ڕۆشنبیر بەوە شوناس بكەین كە ئەو كەسەیە دەتوانێت لە چوارچێوەی مومارەسەكردنی كارەكەیدا داهێنان بخوڵقێنێت ئەوا لێرەدا ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە ئاخۆ مامۆستایانی زانكۆ چ داهێنانێكیان لە بواری كۆمەڵایەتی یاخود سیاسی یان ئابوری یان بوارەكانی دیكەی ژیان بەلایەنی تەكنەلۆجیەوە خوڵقاندوە كەلێرەدا شایەنی ئاماژە پی كردن بێت جگە لەوەی كە مامۆستایانی زانكۆ تەنانەت نەیان توانیوە لە بەردەم مەسەلە چارەنوسزازەكانیشدا ورتەیەكیان لێوە بێت،

كوا ڕۆژێك شەقامێك یاخود بەردەمی دەزگایەك یاخود لەو كاتانەی كە قوتابی زانكۆ دەهاتنە بەردەمی سەرۆكایەتی زانكۆ بە هەردوو ئیدارەكەوە و داواری چاكسازی و گۆرانی میتۆدو نەبوونی خزمەتكردنی سەرەتایی بەشە ناوخۆییەكانیان دەكرد، داوای داخستنی زانكۆی ئایندەیان دەكرد كام لە مامۆستایانی زانكۆ غیرەتی ئەوەی كرد بێتە دەنگ و نزگرەیەك بیگرێت.

بوونی كۆنفرانسێكی زانستی بە مەبەستی گۆرانی میتۆدوو ریفۆرمی زانستی لە چەند ساڵێك لەمەو بەر هەرئەوەندەی لێكەوتەوە كۆمەڵە كەسانێك بەبیانووی گۆڕانەوە مەبلەغێك وەربگرن و كونێكی دیكە لە قایشەكانیان لەسەر ورگیان بڕۆنە دواوەو پاشەكشی بكەن، ئەگەر وانیە كوا خاڵێك لەو خاڵانەی كە لەو كۆنفرانسەدا لەسەری ڕێكەوتن جیبەجی كرابێت، بەدوای ئەوەشەوە كەرت كردنی زانكۆو دابەشكردنی كۆلێژی ئاداب و پەروەردەی زانكۆی سەلاحەدین چەند كۆلێژێكی دیكە جگە لە زیاد كردنی ڕۆتین چی لێبەرهەم هاتووە كە تاوەك و ئێستا بینایەی سەربەخۆی خۆیان نیە ئاخر ئەمیبا بە بچوكی خۆی ئەوكاتە بڕیاری دوو ئەمیباییو جیابونەوە دەدات كاتێك دڵنیایە لەوەی كە هەریەكەیان بەتەنها توانای بەڕێوەبردنی خۆی هەیە، نازانرێت ئەو بڕیارە لە بی تواناییا بوو یاخود هەر بۆ ئەوە بوو بە دانی پۆست بەچەند كەسێكی دیكە دڵی ئەوانیشتان لی نارەنجێت و بەهۆی ئەوەوە هێندە ناتوانن ئەو بەروو ئەو بەری ئیدارە لەتەت لەتەكانتان بكەن، هەربۆیە باشترە وەك و خۆی لێبكەنەوە.